# دامەزراندنی سازمانی خەبات هەر ڕووداوێکی مێژوویی نەبوو، بەڵکوو لە ڕووداوێکی مێژووییدا بوونی خۆی ڕاگەیاند

**عەبدوڵڵا قادری**

**بەشی یەکەم**

سازمانی خەبات بەرهەمی بیرێکی سیاسی ودینی وکۆمەڵایەتی و بەداخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بوو. ئەم پەیرەوە زۆرلە مێژ بوو لەنێو بیری خاوەن باوەڕان بە ڕێبازی پڕلەسەروەری سازمانی خەبات وەك چۆڵە چراێك دەگەشایەوە و چاوەڕێی کات وساتیان بۆ دەکرد کە ڕابگەیێندرێت: لەلاییکی کەوە هەمومان دەزانین کە لە نێو ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بیروبۆچونە سیاسی ودیموکراتیەکان سەرکوت دەکرێن وناتوانن بەئازادی بوونی خۆیان ڕاگەیێنن. هەربەوهۆیەوە لە قەوارەی تەشکولێکی نهێنی دا دەمێنێتەوە. ئەویندارانی چاوەڕێی دەرفەت دەکەن، کە ئەو بیروڕوانگە سیاسیە لە چوارچێوەی تەشکیلاتێکی سیاسی بەربڵاو بۆ چالاکی هەمە لایەنە ڕابگەیێندرێت. کاتێك گەلانی ئێران لە ساڵی (١٣٥٧) هەتاوی دژی ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی ڕاپەرین، گەلی کوردی تینوو بە ئازادی و سەربەخۆیی، لێبڕاوانەتر لە گەلانی دیکەی ئێران دژبە ڕژێمی پاشایەتی ڕاپەڕین وئەو ڕژێمە لەبەر شەپۆلی ڕاپەرینی گەلانی ئێران خۆی ڕانەگرت و دیکتاتۆری پاشایەتی لە ئێراندا کۆتایی پێ هات. لەورووداوە مێژوویەدا بوو کە ئەویندارانی بیروبۆچوونی سازمانی خەبات، مامۆستایانی روناکبیری ئایینی شۆرشگێری کورد و ئەویندارانی ئازادیئەندێش وئازادی خواز کە چەندین ساڵ بوو چاوەڕێی ڕۆژێکی وا دەکرد، کە بیر و بەرنامە سیاسیەکەیان لە شارەکانی کوردستان بوونە پێشرەوی جەماوەرەوە زەمینەی ئاشکرا بوون و یا خۆنیشاندانی بۆ ڕێکخراوەکانی ڕەخساند. ئەم ڕێکخراوانەش بە بیر وئیدلۆژی جیاواز دەستیان بە چالاکی خۆیان کرد لە ژێرناوی جۆراوجۆردا و زەمینەیێك بۆکۆمەڵگای فەرە حیزبی دروست بوو خاوەن باوەڕانی سازمانی خەبات لە سەرە تادا بە ناوی دەفتەری مامۆستا شێخ عزەالدین لە بە رامبەرپیلان وئامانجە شوومە کانی حکومەتی ئاخوندی راوەستان.

وبۆپاراستنی مافەکانی گەلی کورد دەوری چالاکیان هەبوو. بۆبەرپەرچ دانەوەی ستەمی گەلاڵەدرێژراویی ئەوحوکومەتەش بەرهەڵستکاری قاتعانەیان کرد ولە هەموو بارێکەوە بەمەبەستی هاتنەدیی مافەکانی گەلی کوردلە چالاکی دژبە ڕژێمی ئاخوندی دەوری سەرەکیان هەبوو. ڕژێمی ئاخوندەکانی حاکمی ئێران هەر لە سەرەتاوە بەر هەڵستکاری داخوازیەکانی گەلی کوردیان کردو بە بیانوی جۆراوجۆرلەنەدانی ئەومافەسەرەتایی یەخۆیان ئەبوارد. وەك بیانوی ئەوە کە لە ئیسلامدا سنور نی یە و هەموومان ئومەتی ئیسلامین. دەیانویست حەقانیەتی داخوازیەکانی گەلی کورد بە نارەوا نیشان بدەن وکپی بکەن. ڕژێمی ویلایەتی فەقیە فتوای جیهادی بۆ سەر کوردستان دا و ئاکامی ئەو شەرە داسەپاوە شەهید بوونی هەزاران ئەندامی کۆمەڵگای کوردەواری بوو کە ئێستاش ڕۆژ نیە لاوانی کوردو ئازادی خواز بە بیانووی جۆراوجۆر شەهید نەکرێن. خاوەن باوەڕانی سازمانی خەبات بەفیداکاری وکارزانی وکارامەیی خۆیان لە ناو ریزەکانی دەفتەری مامۆستادا زۆر چالاکی قارەمانە وحەماسی بەمەبەستی پارێزەری لەگەلەکەمان بەرێوەبرد. بەرێزان دامەزێنەرانی سازمانی خەبات ئەویندارانی لەمێژینەی وهارێبازێك گەیشتنە ئەو ئاکامە. کە لە بەرامبەر ئەو ڕژێمەدا هیچ ڕێگاێك بۆ دیالۆگ نیە و ئەو ڕژێمە ئامادە نیە حقوقی کورد و ئازادی کوردستان بناسێت، تەنیا بەر هەڵستکاری قاتعانەتر و لێبڕاوانە تر لە بەرامبەر ئەو ڕژێمەیان بە زامنی سەرکەوتنی گەلەکەمان زانی ، هەربۆیە سازمانی خەبات یان پێك هێناو لە(٥)خەرمانانی (١٣٥٩) ڕاگەیێندرا و ئەو ئاواتە لە مێژینەی مامۆستایانی روناکبیرو نیشتمان پەروەری وەك بەڕێز مامۆستا سەید جەلالی حسێنی و هاوباوەڕانی دیکە، هاتەدیی و نەمامی سازمانی خەبات جێی باوەڕو متمانەی خەڵکی کورد نێژراو، بوونی و مەوجوودیەتی ڕاگەیێندرا.

# مافی نەتەوەیی و ئایینی و، هەڵوێستی ڕژێمی ئاخوندی

**بێهرۆز**

ئێران کە وەڵاتێکی بەرین و چەند نەتەوەیە و جۆرەها ئایین و بیری جیاجیای تێدایە، ئەمرۆکە بۆتە شکەنجەگای نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکان و پێشێل کردنی مافی نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکان بە شێوەی سیستماتیك پەیرەو دەکرێ و ڕژێمی ئاخوندی لە پێوەندیەدا هیچ سنورێکی نەهێشتۆتەوە. دەسەڵاتدارانی ڕژیم کە لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران لافی خزمەت بە میللیەتیان لێ ئەدا و بۆ چەواشەکردن و بەلاڕێدا بردنی کۆمەڵگەی ئێران و جیهان باسیان لە حەق و حقوقی تێکڕای پێك هاتەکانی ئێران دەکرد و مەجلیسەکەیان ناونا مەجلیسی میللی، زۆری نەبرد کە ماهیەت و نێوەرۆکی مەجلیسی ڕژیمەکەیان بە خەڵك نیشان دا و بۆ هەموان روون بۆوە کە مەجلیسەکەیان نەك هەر میللی نیە و باوەڕیان بە بیر جیاوازان و مافی نەتەوەیی و ئایینی نیە، بەڵکوو دژمنی ڕاستەقینەی بیروبۆچوونی زۆرینەی خەڵکی ئێرانن و لە ژێر پۆشش مەجلیسی میللی و ئازادی ئەدیان، خەریکی ریشەکێش کردنی غەیرە خۆییەکانن. ئەگەر ناویان لێ نا مەجلیسی میللی بەڵام ئاخوندانی جبە لەبەری مەندیل بە سەر باسیان لە مەجلیسی میللی نەدەکرد و ناویان لێ نەدەهێنا، ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٦٨ نەیانتوانی زیاتر درێژە بە فریوکاری بدەن و لە ژێر ناوی مەجلیسی میللی خەڵکانی ئێران فریو بدەن و ناویان گۆڕی بە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و بەو هەنگاوە بە تەواویی دەرووی ئازادی و بوونی هەر جۆرە نەتەوە و ئایینێکی جیاوازیان لە ئێران بەرتەنگتر کردەوە و پێوانەی هاونیشتمانی بوونیان لە ئێران بە دوو چەمکی نەتەوەی باڵادەست و شێعەگەری ئاخوندانە و دواکەوتوو بەستەوە. جیاواز لەوەی بێ دەسەڵاتیان کردن، ئینکاری نەتەوەیی و ئایینشیان کردن. تەنانەت لە ناو شێعەکانیشدا جیاوازیان داناو پلە یەکەم و دووهەم و سێهەمیان دروست کرد و ئەوەی کە باوەڕی بە خومەینی و رەوزەخوانی کردبێ لە سەرەوە جێگەی گرتوە. جلەوی دەسەڵات و ئەرکی بەرێوەبەری وەڵات تەنیا لە دەست ئاخوندان و بیچوەکانیان دایە و ساویلکەکانی دەوروبەریشیان وەك دەعبای سەر کەلاك فێری مفتەخۆری و مشەخۆرین و ئێران بە تەواوەتی بە ملك و سامانی خۆیان دەزانن و پەیرەوانی ئەو نەتەوەو ئایینەی کە تێدان لاخراون. روانگەی ئاخوندان لە بارەی ئایینە جیاوازەکان روانگەیێکی ئەهریمەنانەیە و بۆ پاکتاوکردنی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان نێزیك بە سێ دەیە هەوڵ ئەدەن و ڕۆژ نیە بە بیانوو بوختانی هەڵبەستراو کۆمەڵێکیان بە پەتی سێدارەوە نەکەن و گیانیان لێ نەستێنن. نەتەوەی کوردکە زۆرترین قوربانی داوە و یەکەم قوربانی ترۆریزمی ڕژیمی ئاخوندی بووەو بە درێژایی مێژوی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکان بەتایبەت ڕژیمی ئاخوندی، مافی پێشێل کراوە و هەوڵی نەهێشتنی دراوە.

خەڵکی کوردستان جیاواز لە ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی ئایینیشی لەسەرە و زۆر بە بێ رەحمانە لەلایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت دەکرێن و کەسایەتیە ئایینی و نیشتمانەکانی ترۆر دەکرێن. ڕژیم لەگەڵ هەوڵ دان بۆ تەفروتوناکردنی کوردستان دەستی داوەتە بەرتەسکردنەوەی خاکی کوردستان و مەبەستیەتی جوغرافیاکەی بشێوێنێ. گەلی کورد و نەتەوە و مەزهەبەکانی دیکە هەر لە ڕابردووەوە جێ گۆڕکەیان پێ دەکرێ بۆ شێواندنی دیموگرافی و پێك هاتەی پارێزگا و ناوچە و نیشتمانیان، دەیان پیلانی جۆراوجۆریان دارشتوە و جێ بە جێ کردوە، کە شوومتر لە هەموان ڕاگواستنی زیاتر لە میلیون و نیوێك عەرەبە بۆ ناوچەکانی ئازەربایجان و بە بیانووی دژایەتی ڕژیمی ئاخوندی و پیاوی بێگانە و چاوساغی کردن بۆ ئەرتەشی عێراق و پێوەندیان لەگەڵ بریتانیا و ئەمریکا، کەوتوونەتە بەر شالاوی هێرش و بە سەدان کەسیان تا ئێستا گوللەباران و بێ سەر و شوێن کراون.

خەڵکی بەلوچستانیش کە مافی بێ ئەم لاو ئەولای خۆیانە مافەکانیان دابین بکرێ، بەبیانووی جۆراوجۆر یەك لەوان سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانە لە بەرانبەر ستەمی دەسەڵاتداران، زۆر بە بێ بەزەییانە لە خوێنیان دەگەوزێنن و لە سێدارەیان دەدەن. تورکمەن سەحرا، شایەدی ئەو کارەساتە بوو کە ڕژیم بەسەری هێنان و ئێستاش پاش دوودەیە برینی خەڵکەکەی سارێژ نەبوەتەوە و بەدەست ئێش و ئازارەکانەوە دەناڵێنن. ئازەریەکانیش بوونە دەستە چیلەی شەری ڕژیم و ئاخوندان بەردەوام دژایەتیان دەکەن و هەر ڕۆژە ناوناتۆرەیێکیان دەخرێتە پاڵ. لەگەڵ هەموو پیلان گێڕییێکی ڕژیم دژبەو نەتەوە، ئێستاش نەیتوانیوە بەچوکیان دا بێنێ و لە خەبات بۆستاندنی مافە ڕەواکانیان ڕایانگرێ. ئەو سەرکوتو زەبرەو زەنگە لە ئێران لە حاڵێکدایە کە لە شارە فارس نشینەکانیش، ئازادیخوازان سەرکوت دەکرێن. ڕۆژانە شایەدی ئێعدام و بەردە باران کردنی چەندین لاوین لە تاران و باقی شارەکانی دیکە و زۆریك لەلاوانی ئازادیخواز گیرۆدەی داوی تەندراوی ڕژیمن کە بۆ دەرباز بوون لەو وەزعە خراپە بە ناچاری ڕێگەی هەندەران دەگرنە بەر. بە گشتی خەڵکی ئێران بەتایبەت لاوانی پێك هاتە جۆراوجۆرەکان، ئێرانیان لێ بۆتە زیندان و بۆ ڕزگار بوونیان لەو وەزعە ڕێگەی ئاوارەیی و هات و نەهات دەگرنە بەر. لەلاییکی دیکەوە بەهاییان لە ئێران کە ژمارەیان نێزیك بە ٣٠٠ هەزار کەسە، بە درندانەترین شێوە کەوتونەتە بەر ئازار و ئەزیەت و سوکایەتی و هەموو جۆرە ئازارێکی مەزهەبی و مەراسمێکیان لێ قەدەغە کردون و سزادانیان بە شێوەی قانون بەسەردا دەسەپێنن. لە پێوەند بە گەڵاڵەی سزای بەناو ئیسلامی کە مەبەست زۆرهێنان بۆ کەمینە مەزهەبیەکانە، کۆمەڵەی بەهاییانی ئێران، بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیێندراوێك نیگەرانی خۆی لەو بارەوە ڕاگەیاندوە. لە ڕاگەیێندراوی ئەو کۆمەڵەیەدا بە ئاماژە بە نووسینی و ئامادە کردنی یاسای نوێی سزای ئیسلامی کە هەنوکە لە مەجلیسی حەوتەمدا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، هاتووە کە ئەو گەڵاڵەیە کەمینە مەزهەبیەکان یەك لەوان بەهاییان، یەهودیان و مەسیحیەکان و تەنانەت شوێن کەوتوانی دینی زەردەشت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەخاتە ژێر چاودێری و سزایان دەدات.

خانم بانی دووگان، نوێنەری کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بەهایی لە سازمانی نەتەوەیەکگرتوەکان گەڵاڵەی پێشنیار کراوی سزای ئیسلامی بە پێچەوانەی بەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان زانیوە کە ئێران ئەوەی سەلماندوە. هەروەها دەڵێ: کە پەسەند کردنی ئەو یاسایە مۆڵەت بە حکوومەتی ئاخوندەکان دەدات ئەوەی لە ئێراندا ژیان دەکا لە سەر باوەڕ بە دینی خۆیان سزا بدەن. ڕاگەیاندنی هەواڵی گەڵاڵەی نوێی سزای ئیسلامی (ئاخوندی) هاوکات بووە لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ڕاپۆرتی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ لە بارەی توند بوونی فشاری ڕژیمی ئاخوندی بۆ سەر بەهاییەکان لە ئێران. فشاری ڕژیمی ئاخوندی بۆ سەر ئەو کۆمەڵەیە، یەکیەتی ئوروپایی هێناوەتە دەنگ و لەو پێوەندیەدا دوکتور دیمیتریج روپڵ سەرۆکی ئیسلوانیانی ئەو یەکیەتیە گوتوویەتی: کە یەکیەتی ئوروپا لە خراپتر بوونی بارودۆخی بەهاییەکانی ئێران نیگەرانە. دیان عەلایی نوێنەری بەهاییان لە سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: تا ئێستا لە ئێران ئازادی مەزهەب نەبووە و بۆ زۆر کەس حوکمی قورس بڕدراوەتە کە بوختانی هەڵگەرانەوە لە دینیان داونەتە پاڵ. ئەوەی کە سەبارەت بە بیرجیاواز و ئاینیانی دیکە دەکرێ نیشانەی ئەوەیە کە ڕژیمی ئێران هەنگاوێکی دیکەی بۆ سەرکوتی غەیرە خۆییەکان هەڵگرتوە. ڕژیمی ئاخوندی کە ڕژێمێکی ووشکی مەزهەبی کوێرەو لە پێناو سەپاندنی هزری کۆمەڵێك ئاخوندی بێ دەربەست پەیمانە نێونەتەوەیی و یاساکانی ژێر پێ ناوە.

بە درێژایی تەمەنی درێژە پێدەری شەڕ و ئاژاوە و کاری ترۆریستی بووەو بۆ قایم کردنی دەسەڵات و هێژمونی زیاتری لە ناوچە و جیهان دا، بەبێ ڕەحمانەترین شێوە خەڵکی سڤیل و بێ گوناحی لە ناوبردوە و ئێستاش درێژەی پێ ئەدا. لە ساڵی ١٩٩٤ لە بوینس ئایرس ناوەندی یەهودیانی ئەو شارەی تەقاندەوە و لە چەند ساتێکی کەمدا زیاتر لە ٨٠ کەسی کوشت و نێزیك بە ٣٠٠ کەسی بریندار کرد. عێراقی کردۆتە گۆمی خوێن و لە کوشتنی هاووەڵاتیانی ئەم وەڵاتە درێغی نەکردوە. بە ملیاردها دولار خەرجی حیزب اللە و هێزە ترۆریستیەکانی ڕۆژهەڵات دەکا و لە پێناو شێواندنی باری ئەمنی ناوچەکە هەموو چەکێك بە کار دەهێنێ. لە بەر کاری تێکدەرانە و نەقشی رووخێنەری ڕژیم لە فەلەستین، ئاشتی نێوان ئیسرائیل و ئەو وەڵاتە هەر دێ و دوور دەکەوێتەوە و هەتا دەستی ڕژیم لە فەلەستین و ناوچەکە کورت نەکرێتەوە، ئاشتی و ئارامیش دەستەبەر ناکرێت. بێ گومان ئاشتی و تەناهی لە ناوچەکە و هەروەها دابین بوونی مافی هاووەڵاتیان لە ئێران کاتێك مسۆگەر دەکرێ کە ئەو ڕژیمە بفەوتێ و ئاسەوارێك لەو جۆرە حکومەتە ئیدلۆژیە لە ناوچەکە نەمێنێ. بە پشتیوانی کردن لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران و کۆدەنگێکی گشتی لە بەرانبەر ڕژیمی زوحاك سیفەت گۆڕانی حەتمی روو ئەدا و خەڵکی ئێرانیش بە وەرگرتنی ئەزمون لە ڕابردوو نەفرەت دەنێرن بۆ ئاخوندان و هەر جوڵانەوەیێك کە ویستی ئازادی و دیموکراسی نەبێ.



***